# گوناهی ئادەم چی بەرهەم هێنا

پەیدابوون ٣

لە دیراسەتمان لە تەورات، فێری ئەوە بووین کە پەروەردگار خودا ئادەم و حەوای لەسەر وێنەی خۆی درووست کرد. هەروەها فێربووین بۆچی درووستیانی کرد. خودا ویستی ئەوان ئەویان خۆش بوێ بە هەموو بیروبۆچونیان، پڕ بە دڵیان و بە هەموو ئیرادەیان، هەروەها، لە دەرئەنجامدا، ببنە خاوەن پەیوەندیەکی قووڵ و سەرسوڕهێنەر لەگەڵ خودا تاهەتا.

بۆیە، زانیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی ساکاری لە بەردەم ئادەم دانا، بۆ ئەوەی بزانێ ئادەم بای ئەوەندە خودای خۆش دەوێت کە بەگوێی بکات. پێش ئەوەی حەوا درووست بکرێت، خودا ئادەمی ڕاسپاردبوو: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧) بەو شێوەیە خودا ئادەمی تاقیکردەوە و ئاگاداری کردەوە کەوا سزای بەگوێ نەکردن مردنە و جیابوونەوەیە لە خودا. خودا ئادەمی خۆش دەویست و دەویست برادەرێتی لەگەڵدا بکات تاهەتا. هەرچۆنێك بێت، لە وانەی ڕابردووماندا، فێربووین کە ئادەم و حەوا گوێیان لە شەیتان گرت و بەگوێی خودایان نەکرد کاتێ لەو دارەیان خوارد کە خودا قەدەغەی کردبوو.

لەناو ئەم وانەش، پلانمان وایە بەردەوام بین لە دیراسەتەکەمان لە تەورات، لە بەشی سێیەمی سیپارەی پەیدابوون، بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویدا لەپاش ئەوەی حەوا و ئادەم گوناهیان کرد بەرامبەر خودا. لە ئایەتی حەفتەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانییان کە ڕووتن، جا گەڵای هەنجیریان لێک دوری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروست کرد. (پەیدابوون ٣: ٧) یەکەم شت چی بوو ئادەم و حەوا کردیان پاش ئەوەی قسەی خودایان شکاند؟ هەوڵیان دا شەرمەزاری و تاوانباری خۆیان بشارنەوە! ئێمە دەزانین پێش ئەوەی ئادەم و حەوا لە داری زانینی چاکە و خراپە بخۆن، ئەوان پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد. (پەیدابوون ٢: ٢٥) بەڵام ئێستا بیروبۆچوونیان سەبارەت بە جەستەیان گۆڕا. ئێستا هەستیان بەتاوانباری و شەرمەزاری کرد بەرامبەر بە خودای پارسا کە دەبێت دادوەرییان بکات. بۆیە، لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی شەرمەزاری خۆیان بشارنەوە، پێکەوە گەڵای داری هەنجیریان چنی و جەستە ڕووتەکەی خۆیان داپۆشی. بەڵام، داپۆشینی جەستەیان بەو گەڵایانە هیچی نەکرد سەبارەت بە سڕینەوەی تاوانباری ناو دڵیان.

پاش ئەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئینجا پیاوەکە و ژنەکەی گوێیان لە دەنگی خوداوەند خودا بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژدا، ئەوانیش لە ڕووی خوداوەند خودا خۆیان لەنێو درەختەکانی باخچەکەدا شاردەوە. (پەیدابوون ٣: ٨) شتەکان چەن جیاوازبوون لای ئادەم و حەوا لەپاش ئەوەی گوناهیان کرد! پێش ئەوەی قسەی خودا بشکێنن، دڵشاد دەبوون هەرکاتێ کە پەروەردگار خودا بهاتایە ناو باخچەکە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بدوێ. بەڵام ئێستا، کە گوێیان لێ بوو خودا نزیك دەبووەوە، لە شەرمەزاری و ترسدا دەلەرزانەوە و هەوڵیاندا لەناو دارەکانی باخچەکەدا خۆیان لە خودا بشارنەوە! بۆچی ئادەم دەترسا و خۆی دەشاردەوە؟ زانینی ئەوە زۆر زەحمەت نییە. ئەگەر کەسێك دزی بکات لە کێڵگەی کەسێکی تر، چی دەکات ئەگەر گوێی لە دەنگی خاوەن کێڵگەکە بێت؟ هەوڵ دەدات خۆی بشارێتەوە. هەر بە هەمان شێوە، ئادەم کە دەستی برد بۆ ئەو شتەی خودا قەدەغەی کردبوو، هەوڵی دەدا خۆی بشارێتەوە. ئادەم زۆر چاك دەزانی کە گوناهی کردووە بەرامبەر خودا.

دەبوایە ئادەم بترسێ لەپاش ئەوەی ڕاسپاردەی خودای شکاند؟ بێ گوومان! لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی خودا بەروونی پێی ووتبو، (ئەو ڕۆژەی لە ***داری زانینی چاکە و خراپە*** بخۆیت، بەڕاستی دەمریت!) ئایا خودا قسەی خۆی بەجێ دێنی؟ ئایا ئادەم بەڕاستی دەمرێ؟ ئایا خودا بەڕاستی سزای ئەو خەڵکانە دەدات کە خۆی دروستی کردوون؟ هەندێ کەس دەڵێن نابێ وەڵامی پرسیارێك بە پرسیارێکی تر بدەینەوە، بەڵام دەتوانین بەباشترین شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی تر بدەینەوە. پەروەردگار چی بە

لوسیفێر کرد (واتا شەیتان) لەپاش ئەوەی یاسای خودای ڕەت کردەوە؟ ئایا خودا شەیتان و فریشتەکان کەوا گوناهیان کرد بێ تاوان کرد؟ نەخێر، بێ تاوانیانی نەکرد! خودا لە ئامادەبوونە پارساکەی خۆی دەریانی کرد. نەك تەنها ئەوەندەش، بەڵکو ئاگرێکی هەمیشەیی بۆیان درووست کرد! هەروەك شەیتان، ئادەمیش یاسای خودای ڕەت کردەوە. ئایا دەکرا خودا تەنها بفەرموێ، (شتێکی گرنگ نییە!) و واز لە ئادەم بێنێ بێ ئەوەی دادوەری بکات؟ هەرگیز! خودا پارسایە و دەبێت دادوەری گوناە بکات! خودا هەرگیز ڕازی نابێت لە خراپە. دەبێت سزای بدات. پێغەمبەری خودا خەبەقوق نووسیویەتی: ئەی خوداوەند، خودای من و پیرۆزەکەم.... چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕوو لە زوڵم و زۆر بکەیت! (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) بەڵێ، خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات. کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە. (عیبرانییەکان ١٠: ٣٠، ٣١) سرووشتە پارساکەی خودا پێویستی بەوەیە کە دادوەری و سزای هەموو گوناهێك بدات. لەبەر ئەوەش، پێویست بوو خودا دادوەری ئادەم و حەوا بکات لەبەر گوناهەکەنیان. لەبەر ئەوە لە ئایەتی پاشتر دەخوێنینەوە: خوداوەند خوداش پیاوەکەی بانگ کرد و فەرمووی: (لە کوێیت؟) (پەیدابوون ٣: ٩)

خودا چی کرد پاش ئەوەی ئادەم گوناهی کرد؟ خودا دەستی بە گەڕان کرد بە دوای ئادەم، و بانگی کرد، (لە کوێیت؟) ئەی ئادەم بەدوای خودا گەڕا؟ نەخێر! هەوڵی دەدا کە خۆی لە خودا بشارێتەوە! باشە بۆچی خودا بانگی ئادەمی کرد؟ ئایا نەیدەزانی ئادەم لە کوێیە؟ خودا، کە هەموو شتێك دەبینێ و دەزانێ، دەیزانی بەتەواوی ئادەم لە کوێ خۆی شاردۆتەوە! خودا بانگی ئادەمی کرد، لەبەر ئەوەی ویستی ئادەم گوناهەکەی خۆی بزانێ و دانی پێیا بنێ لەپێش خودا. خودا هێشتا ئادەمی خۆش دەوێت سەرەڕای ئەوەی کە بەگوێی نەکرد.

وەڵامی ئادەم چی بوو کاتی خودا پرسی، (لە کوێیت؟) نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەویش وەڵامی دایەوە: (لە باخچەکەدا گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆم شاردەوە.) ئەویش فەرمووی: (کێ بە تۆی وت کەوا ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟) پیاوەکەش وتی: (ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.) ئینجا خوداوەند خودا بە ئافرەتەکەی فەرموو: (ئەمە چییە تۆ کردووتە؟) ئافرەتەکەش وتی: (مارەکە فریوی دام و منیش خواردم.) (پەیدابوون ٣: ١٠–١٣)

خوێندنیت لێیە ئادەم و حەوا چۆن وەڵامی خودایان دایەوە؟ هەر یەك لەوان هەوڵی دا لۆمەی ئەوی تر بکات. ئادەم تۆمەتی خستە پاڵ خودا و حەوا، ووتی: خەتای من نییە! ئەو ژنەی داوتە پێم – خەتای ئەوە! سەبارەت بە حەواش، ئەویش لۆمەی مارەکەی کرد ووتی، لۆمەی من مەکە – مارەکە فریومی دا! بەڵام، خودا کە ناو دڵی مرۆڤ دەزانێ، دەیزانی کە هەردووکیان تاوانبارن. خودا وای لێیان نەکرد لە مێوەی دارەکە بخۆن. شەیتانیش هەروەها وای لێیان نەکرد بیخۆن. شەیتان دەتوانێ خەڵك هەڵخەڵەتێنێ و فریویان بدات، بەڵام ناتوانێ زۆری لە کەس بکات گوناە بکات. شەیتان حەوای فریو دا، بەڵام ئەوەی حەوا ئەنجامی دا هەر بە گوناە دادەنرێ بەرامبەر خودا. سەبارەت بە ئادەمیش، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ئەو فریو نەدرا. (١ تیمۆساوس ٢: ١٤) ئەو بە هۆشمەندی خۆی هەڵیبژارد بەو ڕێگایەی خۆی بڕوات. ئادەم بەتەواوی دەیزانی خودا چی ڕاسپاردبوو، بەڵام ئەو لادانی لەسەر ڕێگای ڕاستودرووستی هەڵبژارد، بەدوای ڕێگای ناڕاستودرووستی کەوت. بە بەگوێ نەکردنی خودا ڕانەوەستا، بەڵکو گوناهی خستە سەر گوناهی خۆی کاتێ هەوڵی دا لۆمەی کەسی تر بکات.

تا ئەمڕۆش، خەڵك هەوڵی ئەوە دەدەن کە لۆمەی کەسی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆیان، بەڵام خودا ڕاستی دەزانێ. لەڕێگەی نووسراوە پیرۆزەکانەوە، خودا لەگەڵ خەڵك دەدوێ، دەفەرموێ: لەکوێن؟ چیتان کردووە؟ وەڵامم دەنەوە! بۆچی باوەڕ بە ووشەم ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە؟ بۆچی ڕقتان لە چاکەم دەبێتەوە؟ بۆچی هەوڵ دەدەن لۆمەی خەڵکی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆتان؟ چونکە نووسراوە: خوداوەند دەفەرمووێ: (بە گیانی خۆم، هەموو ئەژنۆیەک بۆ من چۆک دادەدات، هەموو زمانێك دان بە خودا

دەنێت.) کەواتە، هەریەک لە ئێمە سەبارەت بە خۆی هەژماردێک دەداتە خودا. (ڕۆما ١٤: ١١، ١٢)

با بەردەوام بین لە بەشەکە بۆ ئەوەی بزانین خودا چۆن دادوەری مارەکە (شەیتان) و حەوا و ئادەمی کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ : خوداوەند خودا بە مارەکەی فەرموو: (چونکە ئەمەت کرد، تۆ نەفرەت لێکراویت زیاتر لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و هەموو ئاژەڵی کێوی. هەموو ڕۆژانی ژیانیشت لەسەر سکت دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت. دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکەوە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەووەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.) بە ئافرەتەکەشی فەرموو: (ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بەژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.) ئینجا بە پیاوەکەشی فەرموو: (چونکە تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێ کردبوویت (نابێت لێی بخۆیت،) ئەوا زەویش بە هۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت. درک و داڵت بۆ بەرهەم دێنێت و ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، تا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، چونکە لەووە وەرگیراویت، لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.) (پەیدابوون ٣: ١٤–١٩)

دەبینی گوناهەکەیان چی بەرهەم هێنا؟ ئازار و پەژارەی بەرهەم هێنا، درك و داڵ، ڕەنج و ئارەقە، نەخۆشی و مردن. بەڵێ، (کرێی گوناه مردنە!) (ڕۆما ٦: ٢٣) باشە خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوودەدات گەر بێتوو لە دارە قەدەغەکراوەکە بخۆن؟ فەرمووی، (چونکە ئەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بەڕاستی دەمریت.) ئایا ئادەم و حەوا لە هەمان ڕۆژدا نێژران کە لە دارەکەیان خوراد؟ نەخێر. ئەی باشە ئەوان هەر لەو ڕۆژەدا مردن؟ بێ گوومان! ئا لەو ڕۆژەدا، ئادەم و حەوا لە گیانی خۆیاندا مردن، چونکە چی دی پەیوەندییان لەگەڵ خودا نەما.

هەر وەك فێربووین تا ئیستا، مردن مانای جیابوونەوەیە لە خودا. کاتێ ئادەم و حەوا بەگوێی خودایان نەکرد، ئەوا خۆیان لە خودا جیاکردەوە، کە سەرچاوەی ژیانە. کاتێ هەڵیان بژارد بڕوا بە شەیتان بکەن و بەدوای بکەون، دەستیان لە برادەری خودا هەڵگرت و بەشی خۆیان لە ژیانی خودا دۆڕاند. بوون بە دوژمنی خودا چونکە لەگەڵ شەیتان بوونە هاوپەیمان، کە دژ بە خودایە. پەیوەندیان لەگەڵ خودا مرد. و بۆ ڕوون کردنەوە، ئەگەر تۆ دوژمنێکت هەبێت و برادەرێکت ببێتە هاوپەیمان لەگەڵی، ئەی ئەوە ڕاست نییە برادەرەکەت بوو بە دوژمنت؟ پەیوەندیت لەگەڵ ئەو برادەرە مرد. هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت ( دوژمنی برادەرەکەت دوژمنی تۆیە) هەر بە هەمان شێوە، هەر کەسێك بەگوێی شەیتان بکات ئەوا دوژمنی خودایە. گوناه مرۆڤ جیادەکاتەوە لە خودا.

پێش ئەوەی ئەمرۆ کۆتایی پێ بێنین، شتێك هەیە دەبێت لێی تێ بگەین و لەیادمان بێت. ئەوەش ئەمەیە: ئێمە هەموومان لەدایك بووین بۆ ئەم جیهانە وەك ئەوانەی کە ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتان مردوو بوون. (ئەفەسۆس ٢: ١) هەروەها، لە ژیانی خودا دابڕاون. (ئەفەسۆس ٤: ١٨) ڕەنگە ئە مەمان بەدڵ نەبێت، بەڵام ووشەی خودا ئاوا دەفەرموێ. ئەو ڕۆژی ئادەم قسەی خودای شکاند، بوو بە گوناهکار. ئادەم، کە گوناهی ئەنجامدا، باوکی ڕەگەزی مرۆڤە. بۆیە، ئەنجامی گوناهی ئادەم ئەوەیە کە هەموو نەوەکەی گوناهبارن. هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ.) هەروەها، گوناهی ئادەم وای لێ کرد لە خودا جیابێتەوە. ئادەم، کە یاسای خودای ڕەت کردەوە، باوکی هەموو مرۆڤایەتییە. وا لەدەر ئەنجامدا هەموو نەوەی ئادەم بە جیابوونەوە لە خودا لەدایك دەبن. وەك پەندی پێشینان دەڵێت: (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە.) ئەمە بەتەواوی ئەوەیە کە ووشەی خودا ڕایدەگەێنێت، کاتێ دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢)

باپیرەگەورەمان ئادەم، کەوا خۆی لە خودا جیاکردەوە، وەك لقە دارێکی بڕاو وایە. چی بەسەر لقە دارێك دێت گەر بێتوو چی دی یەك پارچە نەبێت لەگەڵ دارەکە؟ ووشك دەبێتەوە و دەمرێ. ئەی چی بەسەر گەڵاکانی دێن کە پارچەیەکن لە لقە بڕاوەکە؟ ئایا ئەوانیش زیندوون؟ نەخێر، ئەوانیش مردوون، لەبەر ئەوەی پارچەیەکن لە لقە ووشکەکە. بە هەمان شێوە، هەموو منداڵەکانی ئادەم وەك

گەڵاکانی لقە بڕاوەکەن. لەبەر گوناهەکەی، ئادەم وەك لقە ووشکەکەیە، ئێمەش یەکین لەگەڵ ئەودا. گوناهی باپیرە گەورەمان ئادەم کاری لە هەمووومان کردووە. هەموومان لەدایك دەبین و کاراکتەری گوناهبار و تاوانباری ئەومان هەیە.

پێغەمبەر داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی: ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. (زەبوورەکان ٥١: ٥) گوناه زۆر بە نەخۆشی ئایدز دەچێ... ئەو نەخۆشییە ترسناکەی کە لە هەموو جیهان بڵاوبۆتەوە. هەر کاتێ ئایدز بچێتە ناو لەشی کەسێك، هەرگیز بەجێی ناهێڵێ. ئەو کەسەی ئایدزی هەیە بڵاوی دەکاتەوە لەناو منداڵەکانی. ئایدز نەخۆشییێکی کوشندەیە و تا ئێستا مرۆڤ هیچ چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە. گوناهیش بەو شێوەیەیە. گوناه کارەساتێکی سامناکە کە بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. گوناه کوشندەیە، وا لە مرۆڤ دەکات تاهەتا بفەوتێ، و خوودی مرۆڤیش، هیچ چارەسەرێکی بۆی نییە.

بەهەرحاڵ، ستایشی خودا دەکەین بەدڵێکی خۆشەوە، لەبەر ئەوەی خودا خۆی چارەسەرییێکی دابین کردووە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە سزای گوناە و لە هێزی گوناە. بەڵام دەبێت باوەڕ بە چارەسەری خودا بێنین و وەرگرین. لە وانەی داهاتوودا، دەبینین چۆن خودا بەڵێنێکی سەرسوڕهێنەری دا بە ئادەم و حەوا، و هەموو نەوەکانی سەبارەت بە ڕزگاری دەرێکی بەهێز کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە گوناە، ولە شەیتان و ئاگری دۆزەخ.

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنێ کاتێ بیر لەم ووشانە دەکەیتەوە کە پێغەمبەر داود نووسیویەتی: ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. (زەبوورەکان ٥١: ٥)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. یەکەم شت چی بوو ئادەم و حەوا کردیان پاش ئەوەی قسەی خودایان شکاند؟
٢. بۆچی ئادەم دەترسا و خۆی دەشاردەوە؟ لەبەر چی؟
٣. ئایا خودا قسەی خۆی بەجێ دێنی؟ ئایا ئادەم بەڕاستی دەمرێ؟
٤. ئایا خودا بەڕاستی سزای ئەو خەڵکانە دەدات کە خۆی دروستی کردوون؟
٥. پەروەردگار چی بە لوسیفیر کرد (واتا شەیتان) لەپاش ئەوەی یاسای خودای ڕەت کردەوە؟ ئایا خودا شەیتان و فریشتەکان کەوا گوناهیان کرد بێ تاوان کرد؟
٦. ئایا دەکرا خودا تەنها بفەرموێ، (شتێکی گرنگ نییە!) و واز لە ئادەم بێنێ بێ ئەوەی دادوەری بکات؟
٧. خودا چی کرد پاش ئەوەی ئادەم گوناهی کرد؟
٨. ئەی ئادەم بەدوای خودا گەڕا؟
٩. بۆچی خودا بانگی ئادەمی کرد؟ ئایا نەیدەزانی ئادەم لە کوێیە؟
١٠. ئەی دەزانیت ئادەم و حەوا چۆن وەڵامی خودایان دایەوە؟
١١. بۆچی هەوڵ دەدەن لۆمەی خەڵکی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆتان؟
١٢. دەبینی گوناهەکەیان چی بەرهەم هێنا؟ باشە خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوودەدات گەر بێتوو لە دارە قەدەغەکراوەکە بخۆن؟ ئایا ئادەم و حەوا لە هەمان ڕۆژدا نێژران کە لە دارەکەیان خوراد؟ ئەوان هەر لەو ڕۆژەدا مردن؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز (٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com          www.rrdk.org